## هەروەها جۆرەکانی تری مۆڵەتی نیشتەجێبوونیش هەن

- ئەگەر منداڵت لە نەرویژدا هەبن کە لەگەڵیاندا بژیت یا مافی دیتنی ئەوانت هەبێت، ئەتوانی بەمەبەستی تێکەڵاوبوونەوەی خێزانی داوای مانەوە بکەیت.

- ئەگەر بێتوو هاوسەرگیریەکەت بەهۆی گوشار یا بەهۆی ئەوەی کە بە زۆری هاوسەرگیریان پێکردبێت (هاوسەرگیری زۆرەملی) پوچەڵ بکرێتە، ئەمە ئەتوانێ مافی ئەوەت پێبدات کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ مۆڵەتی نیشتەجێبوونت پێبدرێت.

- ئەگەر تۆ بە مەبەستی تێکەڵاوبوونەوەی خێزانی بۆ لای کەسێک هاتبیت کە مافی پەنابەری پێدرابێت، لەوانەیە تۆش مۆڵەتی نیشتەجێبوونی سەربەخۆت هەبێت.

- ئەگەر کارتی نیشتەجێبوونی ئەندامانی خێزانێکت هەبێت کە رەگەزنامەی وولاتانی یەکیەتی ئەوروپا یا وولاتانی هاوکاری ئابووری ئەوروپایان هەبێت، ئەتوانێ مافی مانەوەت لە نەرویژدا هەبێت.

- ئەگەر بێتوو بۆ وێنە بە هۆی تەڵاق وەرگرتنت ژیان لە وولاتی خۆت زەحمەت بێت و بەم هۆکارە شیاو نەبێت کە داوات لێبکرێت بۆ وولاتی خۆت بگەڕێیتەوە، ئەمە ئەتوانێ مافی مۆڵەتی نیشتەجێبوونت پێبدات.

- لەهەندێک حاڵەتی زۆر تایبەتدا ئەتوانرێ بە لەبەرچاوگرتنی باروودۆخی مرۆڤییانە مۆڵەتی نیشتەجێبوونت پێبدرێت.

- ئەگەر ترسی ئەوەت هەبێت کە لە وولاتی خۆت تووشی توندووتیژی و ئازاردان ئەبیت، ئەتوانی داوای پاراستن (پەنابەری) بکەیت.

بۆ هەندێک لەم مۆڵەتی نیشتەجێبوونانە هەروەها مەرجی تریش دیاری کراون.

بۆ زانیاری زیادتر سەردانی ماڵپەڕی udi.no/vold بکە

Utlendingsdirektoratet
Norwegian Directorate
of Immigration

Sorani

Illustrasjon: Kristian Hammerstad / ByHands

## مانای ئازاردان چییە؟

ئازاردان واتە کەڵک وەرگرتن لە هەڕەشە، زۆری لێکردن، توندووتیژی یا بەربەست کردنی ئازادی کەسێکە.

ئازاردان ئەتوانێ جەستەیی، دەروونی یا جنسی بێت. کاتێک کە ئێمە هەڵسەنگاندن بۆ چۆنیەتی ئازاردانی تۆ ئەکەیین، پێویستە بزانین کە بە دژی تۆ ئەمانەی ژێرەوە ئەنجام دراون:

- پاڵت پێوەنرابێت
- قژت راکێشرابێت
- لێتدرابێت
- شەقت لێدرابێت
- هەڕەشەت لێکرابێت (ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەخۆ)
- بەمەبەستی کردەوەی جنسی گوشارت لێکرابێت
- دەستدرێژی جنسیت کرابێتە سەر
- دەستدرێژی جنسی ترت کرابێتە سەر
- کۆنترۆڵ یا چاودێری کرابیت
- رێگەی چوونە دەرەوە یا هاتنە ژوورەوەت لەسەر داخرابێت
- رێگەی پەیوەندی کردن بە بنەماڵەو هاوڕێکانت پێنەدرابێت
- رێگەی جووڵانەوەی ئازادت لە کۆمەڵگادا لێگیرابێت، بۆ وێنە رێگەی بەشداریکردن لە فێربوونی زمانی نەرویژت لێگیرابێت
- قسەی ناشیرنت پێوترابێت
- پشتگوێ خرابیت
- لە خەڵک دابڕابیت
- خواردنت پێنەدرابێت
- رێگەی دەربڕینی بیروبۆچوونی خۆتت پێنەدرابێت

بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئەوەی مۆڵەتی نیشتەجێبوون بە کەسێک بدرێت، ئەبێ ڕووداوەکان ترسناک بن یا زۆرجار ڕوویان دابێت. ئەگەر توندووتیژیەکان هێندە مەتریسدار نەبن، ئەبێ ئەمانە چەندین جار ڕوویان دابێت و بەشێک لە شێوەی رەفتاری کەسی ئازاردەر بن.

ئەگەر تۆ بەڵگەت هەبن یا نامەیەکت لە خەڵکانی ترەوە لەبەردەستدا هەبێت کە باس لە چۆنیەتی ئازاردانەکە ئەکەن، ئەتوانی ئەمانە هاوپێچی داواکاریەکەت بکەیت. بەڵام ئەگەر تۆ هیچ بەڵگەیەکت نەبێت، ئەوە بەسە کە تۆ لە کاتی چاوپێکەوتنی داواکاری مۆڵەتی نیشتەجێبووندا باس لەو رووداوانە بکەیت کە بەسەرت هاتوون. گرینگە کە تۆ باس لە گشت شتێک بکەیت کە بەسەرت هاتوون، باس بکەیت کە کەی و چۆن ئەمانەت بەسەرهاتوون و بە چی شێوەیەک کاریگەریان لەسەرداناویت. ئەمە مەرج نییە کە تۆ لەسەر ئەم ئازاردانە سکاڵات لە لای پۆلیس تۆمار کردبێت.

# تۆ دەرفەتی ترت هەیە

گشت کەسێک مافی ژیانێکی دوور لە توندووتیژی و هەڕەشەی هەیە. ئەگەر تۆ یا منداڵەکانت ئازار بدرێن، ئەتوانی مۆڵەتی نیشتەجێبوونی سەربەخۆ وەربگریت. تۆ پێویست ناکات لە ترسی لەدەستدانی مۆڵەتی نیشتەجێبوون لە نەرویژ درێژە بە ژیانی هاوسەریت بدەیت.

**کێ ئەتوانێ مۆڵەتی نیشتەجێبوون وەربگرێت؟**

- تۆ ئەبێ بە هۆی تێکەڵاوبوونەوەی خێزانی لەگەڵ هاوسەرەکەت یا هاوژینەکەت مۆڵەتی نیشتەجێبوونت لە نەرویژ هەبێت یا هەتبووبێت.
- هاوسەرەکەت یا هاوژینەکەت ئەبێ رەگەزنامەی نەرویژی یا رەگەزنامەی یەکێک لە وولاتانی باکووری ئەورووپای هەبێت، مۆڵەتی نیشتەجێبوونی دائیمی هەبێت یا مۆڵەتی نیشتەجێبوونێکی هەبێت کە بتوانرێت ببێتە دائیمی.
- تۆ یا منالەکەت ئەبێ لە لایەن هاوسەرەکەت یا هاوژینەکەت کاتێک کە بەیەکەوە لە نەرویژدا ژیاون ئازار درابن.
- تۆ ئەبێ لەلای هاوسەرکەت یا هاوژینەکەت نەمابیت و ماڵت گواستبێتەوە.
- درێژەی ماوەی ژیانتان لە نەرویژ مەرجێک بۆ وەرگەرتنی مۆڵەتی نیشتەجێبوون نییە.

# تۆ دەرفەتی ترت هەیە



UDI

Utlendingsdirektoratet
Norwegian Directorate
of Immigration